# کورد لە نێوان:
# هاستاوەکەی عەللاوی و فڕوفێڵەکەی جەعفەریدا!

نزار جاف

سەردانەکەی ئەم دواییەی سەرۆک وەزیرانی پێشووی عێراق"ئەیاد عەللاوی"، بۆ هاوینەهەواری پیرمام و، کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی، بە هەنگاوێکی پڕوپاگەندەیی دادەنرێت و، بە بۆچوونی چاودێرانی سیاسی، عەللاوی کە لە دەرەنجامی ئەو ماوەیەی پۆستی سەرۆک وەزیرانی پێ سپێردرابوو، وێنەیەکی جوان و پوختەی لەبارەی خۆیەوە نیشان نەدا، ئەمڕۆ دەیەوێت لە میانەی هاوپەیمانییەتییەکی تەکتیکی کە تا رادەیەکیش دەکرێت بە نیمچە ئیستراتیجی دابنێین، خۆی ئامادە بکات بۆ ململانێکردن لەگەڵ حەریفە سەرسەختەکەی ئیبراهیم جەعفەری کە بە هێزی شەقامی مەرجەعییەتە شیعەکانەوە ئاراستەکانی خۆی دیاری دەکات. ئەیاد عەللاوی، چاک دەزانێت کە ریزبوونی"ئایەتوڵڵاکانی"نەجەف لە پشت جەعفەری واتای ئەوە دەگەیەنێت کە شەقامی میللی شیعی بە گشتی لەگەڵ ئەو نەیارەیدا دەبێت و، دەشزانێت کە یاریکردنی بە دروشمە سواوەکانی نەتەوەیی لە رووانگە بدەکەی بەعسەوە، ئەوەندەی تر رووخساری رش و خوێنی تاڵتر لەلای شەقامی عێراقی دەکات، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم سیاسەتمەدارە کۆڵ نادات و، زۆر بە جدییەوە هەنگاوی پراکتیکی لە گۆڕەپانە جیاوازەکانی عێراقدا دەنێت کە کورد یەکێکیانە. عەللاوی، کە لە سەردەمی خۆیدا، چەندین پەیامی جۆراوجۆری بۆ باڵە سیاسییە جیاوازەکانی عێراقی و عەرەبی لە پشتی کوردەوە رەوانەکرد و، چەندین جار لە کۆبوونەوە جیاوازەکانیدا لەگەڵ"نەیارانی"هەمەجۆرەی کورد، جەختی لەسەر ئەوە کردووە کە"سنوورێک بۆ خواستەکانی کورد دابنێت" و، تەنانەت کاریش گەیشتە ئەوەی کە هەندێک ناوەندی سیاسی و راگەیاندنی جیاواز بە راشکاوانە باس لە نیازی عەللاوی بکەن سەبارەت بە(لغاوکردنی کورد و گەڕانەوەیان بۆ قەوارە ئاساییەکەی جارانیان). هەڵبەتە، کەسانێکی وەک بارزانی و تاڵەبانی دەبێت لە هەموو کەسێک باشتر دیوە شاراوەکەی ئەیاد عەللاوی بخوێننەوە و، هەر لەم کاتەشدا، دەبێت"پەروباڵی"بکەن، نەک پاشان، بەتایبەتی کاتێک دەزانرێت چەند پێویستی زۆرە بە پاڵپشتێکی گرنگ و باوەڕپێکراوی وەک کورد. لێرەشدا، دەبێت ئاماژە بەو مەترسییانەی باڵی سیاسی شیعی"سەر بە ئێران"بدەین سەبارەت بەو دەنگۆیەی دەڵێت گوایە پلانێک لە ئارادایە بۆ دەستێوەردان لە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بە سوودی ئەیاد عەللاوی و، مسۆگەرکردنی پاڵپشتی یان لانی کەم بێ لایەنی کورد لەو رووەوە"هەر لە رووانگەی ئەو مەترسییانەوە". داشی عەللاوی پتر سواردەکات و، ئەگەرەکانی سەرکەوتنی بەهێزتردەکات. ناوەندە بە ئاگاکان پێیان وایە، کە سەرۆکی ویفاقی عێراقی، بە پشت بەستن بەو زانیارییە مێژووییانەی کە هەیەتی لەسەر کەسایەتی تاکی عێراقی، دەخوازێت، بە سوودوەرگرتن لە سیاسەتی"ئاگروئاسن"، شەقامی سوننی یاخی و، شەقامی شیعی"لەخۆبایی بوو"پەروەردەبکات! ئەم دەنگۆیە لە کاتێکدا دێتە ئاراوە، کە ئاژانسەکانی دەنگوباس بۆ یەکەم جار، قسە لە نیازی کۆشکی سپی سەبارەت بە کشانەوەی هێزەکانیان لە عێراق دەکەن و، بە جۆرێک و دیکە، ئەم نیازە بەو دەنگۆیەوە

دەبەستنەوە! هەڵبەتە ئەو جۆرە بەستنەوەیەش پاساوی خۆی لای ئەو باڵە سیاسییە ترساوە هەیە، ئەویش لەوەوە سەر هەڵدەدات کە، باڵی سیاسی شیعەی "پەروەدەکراو" لە تاران، نەیتوانی سنوورێک بۆ دەستە درێژەکەی کۆماری ئیسلامی دابنێت یان لانی کەم هەندێک بەرسمێڵ و نینۆکەکانی کورت بکەنەوە! بەڵام، گرنگی راستی و درۆی ئەم هەڵسەنگاندن و، خوێندنەوانە تا چ ئاستێک بێت، بایەخی نییە، بە ئەندازەی ئەوەی کە پێشوازیکردنی ماڵی کورد لە عەللاوی نامەیەکی کراوەی ئاشکرا و روون و رەوانە بۆ جەعفەری و ئایەتوڵڵا ئەلحەکیم کە زۆر بە هەستیارییەوە مامەڵەیان لەگەڵ داخوازییەکانی کورددا کردووە و، ئەوەندەی کە لێک نزیکبوونەوەیان لەگەڵ وڵاتانی داگیرکەری کوردستاندا هەبووە، نیو ئەوەندەش نەیانویستووە بەڵێنێکی ئاشکرا بە نیازی ئایندەییان سەبارەت بە پەسەندکردنی داخوازییەکانی کورد بخەنەڕوو. لێرەشدا، بنچینەی گرفتەکە لەوەدایە کە باڵوێزی ئەمریکا چۆن دەڕوانێتە ئەم نمایشە و، کام ئەکتەر و، کام ئاراستەی درامی بە دڵە، چونکە لە هەموو حاڵەتەکاندا، سێوەکان لە سەبەتەکەی واشینگتۆندا کۆدەبنەوە!!

nezarjaff@gmail.com